نزیکە دە هەزار پشووی فەرمیی لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندرا



فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە ڕۆژی چوارشەممەی ئەم هەفتەی 25ــی 12ــی 2024، تاوەکو ڕۆژی پێنجشەممە 2ــی 1ــی 2025، لە سەرجەم دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمی دەبێت.

ئاماژەی بۆشکردووە، ڕۆژی یەکشەممە کە دەکاتە 5ــی 1ــی 2025، دەوامی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی حکومەتی هەرێم، تاوەکو 2ــی 1ــی 2025 پشووی فەرمییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆژانی 3 و 4ــی مانگ بڕی هەینی و شەممە دەکەون، کە ئەو دوو ڕۆژەش خەیان پشووی هەفتانەی دامودەزگاکانن، لە ڕۆژی ٥ی مانگەوە دەست بە دەوام دەکرێتەوە.